## عەزیز خانی سەردار وقرةالعین

بابییەکان دیاردەیەکی نوێی کۆتاییەکانی سەردەمی فیئۆداڵیی ئێران بوون. شۆڕشی پیشەسازی و زێدەخوازیی دەسمایەداری وکۆلۆنیالیزم نەک هەر ئوروپا، بەڵکوو دنیای هەژاندبوو. گۆرانکاریی و خواستی نوێکردنەوەی دیاردەی کۆن گەیشتبووە عوسمانی و ئێرانیش. نوێخوازەکان بەوەی هەبوو ڕازی نەبوون و هەوڵی نوێکردنەوەی لایەنی جیاجیای کۆمەڵگایان دەدا  بابییەکان بە ئاشکرا دژ بە ئایینی ئیسلام وەستابوون و دەیانگوت ئامۆژگارییەکانی لەوە کۆنترن کە بتوانن چارەسەی کێشەی ڕۆژ بکەن و زیاد لە هەمووشت دژ بە ڕۆحانییەت و مەلایەتی - وەک 'واسطە' ی نێوان خودا و مرۆڤ وەستابوون و هەر ئەوەش بە تەنیا بەس بوو بۆ ڕق و کێنی لەبن نەهاتووی 'آیات عظام' و هاندانی حکوومەت و شەخسی ناسرەددینشای قاجار (1831- 1896) بۆ کوشتنی عەلی محەممەدی باب (1819- 1850) و سەرکوت کردنی بابییەکان.

شتێکی سروشتییە کە سەردار عەزیزخانی موکری(1790 - 1870)، وەک فەرماندەی کوللی قشوونی ئێران و دەستەڕاستی ناسرەددینشا، لە لێدان و کوشتنی بابییەکاندا دەوری تایبەتی گێڕابێت.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی داڵگورکی – باڵوێزی ڕوسیای تزاری لە تاران،عەزیز خان بە خۆی و کوڕەکەی و سەرتیپ فەڕروخ خان (؟) و محەممەدخانی بەگلەربەگ و 6 هەزار سەربازەوە ماوەی 6 مانگ لە شاری زەنجان شەڕی بابییەکانیان کرد هەتا مەلا محەممەد عەلی و 3 هەزار کەس بابی زەنجانیان کوشت و تاقیان لێ بڕین (1).

هەروەها عەزیزخان دوابەدوای ڕووداوەکانی زەنجان، لە ئابلۆوقەدان و کوشتنی ژمارەیەکی زۆری بابییان لە ماکۆ و قەڵای چەهریق (چاری)، کە دواتر بوو بە ماڵ و داڵدەی سمایل ئاغای سمکۆ، دەوری سەرەکی بینی. (شەڕی چەهریق لە مێژووی ئێراندا بە دوایین شەڕی کلاسیکی سەردەمی فێئۆداڵی واتە شێوەی شەڕی قەڵا نشینی و قەڵاگیری دەناسرێت).

بەڵام واهەیە گەورەترین پەڵە بە سەرشانی عەزیزخانەوە، کوشتنی 'فاتمەی زەڕڕین تاج  زەکیەی بەرەقانی' ناسراو بە 'طاهرە قرةالعین' (1814 – 1852)، کچی حاجی مەلاساڵحی قەزوێنی بێت. طاهرە، شاعر و زمانپاراو و بوێر وخاوەن بروایەک بوو، کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێران و ئیسلامدا حیجابی لە سەری خۆی فڕێدا(ساڵی 1848)، بەڵام  دوای تیرۆری سەرنەکەوتووی ناسرەددینشا ودەسپێکی کوشتاری بابیآن، بە پێی حوکمی شا و فەرمانی عەزیزخان لە تاران ئیعدام کرا. بە گوێرەی دەیان سەرچاوە و یەک لەوان کتێبی *"بە یاد صدمین سال شهادت نابغە دوران، قرةالعین"*،   کارەکە بە حوکمی ناسرەددین شا و فەرمانی عەزیز خان بەڕێوە چوو.

کەڵانتەری تاران، قرةالعین دەنێرێتە لای عەزیز خان لە باغی ئێلخانی (شوێنی ئێستای بانکی میللی ئێران لە شەقامی فیردەوسی تاران)، ئەویش دەسرەیەک دەداتە دەست یەکێک لە سوارەی خۆی و داوای لێدەکات بچێتە ئەو ژوورەی وا قرةالعینی تێدا زیندانی کراوە و ئەو دەسرەیە بخاتە ملی و بیخنکێنێت؛ کابرا فەرمانی عەزیزخان بەڕێوە دەبات و بەم شێوەیە، لە مانگی سێپتامبری 1852 دا کۆتایی بە ژیانی گەورەژنێکی مێژووی مرۆڤایەتی دێت(2).

من ئەوەم بۆیە نووسی کە ڕاستییم نەشاردبێتەوە و چەواشەکاریی مێژووم نەکردبێت. باهەموومان ئاگاداری ئەنجام کارەکانمان بین و بزانین کە مێژوو داوەری نیهایی کردەوەکانمانە.

ئەوە بەشێک لە شیعرێکی فارسی طاهرە قرةالعین کە وەرمگێڕاوەتە سەر کوردیش:

گر بتو افتدم نظر، چهره به چهره، رو به رو
شرح دهم غم ترا نکته به نکته، مو به مو
از پی دیدن رخت، همچو صبا فتادەام
خانه به خانه، در به در، کوچه به کوچه، کو به کو
میرود از فراق تو خون دل از دو دیدەام
دجله به دجله، یم به یم، چشمه به چشمه، جو به جو
مهر تورا دل حزین بافته بر قماش جان
رشته به رشته، نخ به نخ، تار به تار، پو به پو
در دل خویش طاهره  گشت و ندید جز ترا
صفحه به صفحه، لا به لا، پرده به پرده، تو به تو

*ئەوش وەرگێراوی کوردیی شیعرەکە- کە دەزانم ناتەواوە، بەڵام کەسێکی نا شاعیر وەک من هەر ئەوەندەی لە دەست دێت:*

کە ڕووبەڕووت ببمەوە، چاو بە چاو و ڕوو بەڕوو،

خەمی دڵم دەگێڕمەوە، ووردە بە ووردە، موو بە موو

بۆ دیتنی ڕوخساری تۆ، وەکوو شەماڵ دێم و دەچم

ماڵ بە ماڵ و دەربە دەر، کووچە بە کووچە، کۆ بە کۆ

لە دووری تۆیە خوێنی دڵ، دەڕژێ لە هەردوو چاوەکەم

دیجلە بە دیجلە، یەم بە یەم، کانی بە کانی، جۆ بە جۆ

دڵم کە کەیلی خەفەتە، تەونی ئەوینی تۆ دەکا

لە سەر کووتاڵی ڕۆحەکەم، تاڵ بە تاڵ، پۆ بە پۆ

'تاهیرە' سەیری دڵی خۆی دەکا کە هیچی تیا نییە

جگە لە عەشقی تۆ گوڵم! تارمە بە تارمە، توێ بە توێ.

---

1) مرتضی مدرس چهاردهی، *"شیخیگری، بابیگری از نظر فلسفه، تاریخ و اجتماع"*، کتابفروشی فروغی، تهران 1345 [1966]، صص. 184 تا 189

2) کتێبی *"به یاد صدمین سال شهادت نابغه دوران قرةالعین"*، کە نووسەرەکەی ئاشکرا نەکراوە، لە ساڵی 1368 ی کۆچی مانگی (= 1949ز) دا بۆ یەکەم جار بڵاو کراوەتەوە و چاپی دووهەمی لە ساڵی 2000 دا بە شێوەی ئەلەکترۆنی خراوەتە سەر ئینترنێت،
http://www.babieh.com/farsi/ketab/beyad100/beyad100.pdf
(لاپەڕە 17 و 18)